**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

## بڕیار
**ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/١ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**
بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:
**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.
**دووەم:** وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.
**سێیەم:** وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.
**چوارەم:** بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە وەزارەت.
**پێنجەم:** فەرمانگەی یاسایی: فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەت.
**شەشەم:** کۆمپانیا: ئەو کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتانەیە کە لە هەرێم دامەزراوە یان لقی کۆمپانیایەکی بیانی تۆمارکراوە لە هەرێم بەپێی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراوی بەرکار لە هەرێم، و بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مۆڵەتدراوە.
**حەوتەم:** کارمەند: ئەو کەسەیە کە کاری ئەمنی لە کۆمپانیا، بەپێی گرێبەستێکی پەسەندکراو لەلایەن فەرمانگەی یاساییەوە، دەکات.
**هەشتەم:** سەگی پاسەوانی: ئەو سەگەیە کە بۆ کارەکانی پاسەوانی و ئەمنی بەکاردێت.
**نۆیەم:** مۆڵەت: ڕێگەپێدانی کارکردنی کۆمپانیای ئەمنی تایبەتە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لەلایەن وەزارەتەوە.
**ماددەی (٢): ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە ڕێکخستنی:**
**یەکەم:** ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیا لە هەرێم.
**دووەم:** کاری کۆمپانیا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی و پاراستنی گیان و سەروماڵی کەسەکان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.





**سێیەم:** چاودێری و پشکنین و بەدواداچوونی کاری کۆمپانیا بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبوونیان بە یاسا و ڕێنماییەکان.
**چوارەم:** ئەو ڕەسم و گەرەنتییانەی کە کۆمپانیا پابەند بە پێشکەشکردنیان دەکرێت، و ئەو سزایانەی لەکاتی سەرپێچیکردنیدا دەسەپێندرێن.
**ماددەی (٣):**
**یەکەم:** نابێت لە هەرێم، بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت، و لایەنەبوونی ئەنجوومەنی ئاسایش، کۆمپانیایەکی ئەمنی دابمەزرێت یان لقێکی کۆمپانیایەکی ئەمنی بیانی تۆمار بکرێت.
**دووەم:** نابێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت، هیچ کۆمپانیایەک خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان پێشکەش بکات.
**ماددەی (٤):**
**داواکاری وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت دەکرێت بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:**
**یەکەم:** ئەگەر کۆمپانیاکە نیشتیمانی بێت، پێویستە ئەمانەی خوارەوە هاوپێچی داواکارییەکە بکرێت:
١- بەڵگەنامەی دامەزراندن کە مەبەستەکەی تێدا ڕوونکرابێتەوە.
٢- ناوی دامەزرێنەرانی.
٣- ناوی بەڕێوەبەری ڕێپێدراو و ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی کۆمپانیای پشکدار (المساهمة).
٤- قەواڵەی خانووبەرەیەک کە بۆ بارەگای کۆمپانیا گونجاو بێت.
٥- لیستێک بە ناو و ژمارە و جۆری ئەو چەک و کەلوپەلە سەربازییانەی کە کۆمپانیا پێویستی پێدەبێت، لەگەڵ سەرچاوەی دابینکردنیان.
٦- لیستێک بەناو و جۆری ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە کۆمپانیا خاوەنیانە یان پێویستی پێیاندەبێت لەگەڵ دیاریکردنی چۆنیەتی بەدەستخستنیان.
٧- لیستێک بە ناو و جۆری ئامێرەکانی پەیوەندی بێتەل و فریکوێنسی بەکارهێنانیان لەگەڵ چۆنیەتی بەدەستخستنی ئەو ئامێرانە و خەسڵەتەکانیان.
٨- بەڵگەنامەی سپاردنی بارمتەیەکی نەختینە لای یەکێک لە بانکە حکومییەکان لە هەرێم، وەک گەرەنتییەک بۆ بەرژەوەندی وەزارەت، بە بڕی (٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار.
**دووەم:** ئەگەر لقێکی کۆمپانیای بیانی بێت، پێویستە ئەمانەی خوارەوە هاوپێچی داواکارییەکە بکرێن:
١- بەڵگەنامەی تۆمارکردنی لقی کۆمپانیەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیەکان لە هەرێم.
٢- وێنەیەک لە گرێبەستی دامەزراندن و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمپانیای سەرەکی یان ئەوەی جێگەیان دەگرێتەوە.
٣- وێنەیەک لە بەڵگەنامەی تۆمارکردنی لقی کۆمپانیا لەهەر وڵاتێک کە تیایدا تۆمارکراوە.
٤- لیستێک بەناوی ئەندامانی کارگێڕیی کۆمپانیا و ڕەگەزنامەی هەر یەکێکیان و ناوی ئەو کەسانەی لە جیاتی کۆمپانیا بەواژۆکردن ڕاسپێردراون.





٥- وێنەیەک لە نووسراوی ڕاسپاردنی بەڕێوەبەری لق لە عێراق، کە بەشێوەی کردەیی تیایدا نیشتەجێیە، بەجۆرێک لەلایەن کارگێڕی کۆمپانیا دەرچووبێت، لەگەڵ نموونەی واژۆکەی.
٦- وێنەیەک لە دوایین ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیا لەگەڵ دوو وێنە لە ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی کارگێڕی یان دەستەی گشتی کە هاوپێچ یان پاشکۆی ئەم ژمێرانەیە.
٧- ژمارەی ئەو چەکانەی کۆمپانیا پێویستی پێیاندەبێت لەگەڵ جۆر و ژمارەکانیان و تەقەمەنی و شوێنی دروستکردنیان.
٨- ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان و جۆرەکانی و شوێنی دروستکردنیان و ژمارەی تابلۆی تۆمارکردنیان، بەو مەرجەی لە فەرمانگەی هاتوچۆی تایبەتمەند بەناوی کۆمپانیا تۆمار بکرێت.
٩- خستنەڕوویەکی ئامێرە بێتەلەکان، کە جۆر و ژمارەی زنجیرەیی و شوێنی دروستکردن و خەسڵەتە هونەرییەکانی دیکە یان لەخۆبگرێت، بەمەرجێک تەنها بۆ پەیوەندیکردن تەرخان کرابێت، و ملکەچ دەبێت بۆ پشکنینی وورد لەلایەن وەزارەتەوە.
١٠-بەڵگەنامەی سپاردنی بارمتەیەکی نەختینە لای یەکێک لە بانکە حکومییەکان لە هەرێم، وەک گەرەنتییەک بۆ بەرژەوەندی وەزارەت، بە بڕی (٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دیناری عێراقی.
**سێیەم:** پێویستە ئەو بەڵگەنامانەی لە خاڵەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦)ی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە دا دەقنووسکراون لە نیشتیمانگەی (موطن) کۆمپانیاکە پەسەندکرابێت.
**ماددەی (٥):**
**یەکەم:** پێویستە لەسەر وەزارەت لەماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکە بڕوانێتە داواکاری پێدانی مۆڵەت.
**دووەم:** لەحاڵەتی ڕەتکردنەوەی داواکاریی، پێویستە بڕیاری ڕەتکردنەوە نووسراو و هۆدار بێت، و لە ماوەیەک زیاتر نەبێت لە (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڕیارەکە، بە داواکار ڕادەگەیەندرێت.
**سێیەم:** داواکار لەکاتی نەمانی هۆی ڕەتکردنەوە بۆی هەیە داواکارییەکی نوێ پێشکەش بکات.
**چوارەم:** ئەگەر وەزارەت لەسەر داواکارییەکە ڕەزامەند بێت، ئەوا پێویستە ئەم ڕەزامەندییە بەداواکار ڕابگەیەنێت، بۆ پابەندبوون بە پێدانی ڕەسمی مۆڵەتی دیاریکراو کە لە خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایەدا هاتووە، بەمەرجێک لەماوەیەک کە لە (٣٠) سی ڕۆژ لەڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی بەڕەزامەندیەکە زیاترنەبێت ڕەسمەکە بدات، و لەکاتی نەدانی ڕەسمەکە لەماوەی دیاریکراودا بەبێ پاساوێکی ڕەوا، ئەوا بڕیاری پێدانی مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت.
**ماددەی (٦):**
**یەکەم:** مۆڵەت بەپێی هەردوو ماددەی (٤) و (٥)ی ئەم یاساییە بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ دەدرێت.
**دووەم:** مۆڵەتی کۆمپانیا بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە نوێ دەکرێتەوە:





١- پێشکەشکردنی داواکارییەکی نووسراو لەلایەن بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا، کە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەوە ئاراستەی وەزیر دەکرێت، بەر لە (٣٠) سی ڕۆژ لەکۆتایی هاتنی مۆڵەت.
٢- پێشکەشکردنی پشتگیرییەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، کە تیایدا پشتڕاستی بەردەوامی کۆمپانیاکە لە کارکردنیدا بکات.
٣- پێشکەشکردنی وێنەیەک لە گرێبەستەکانی کۆمپانیا لەماوەی کارکردنیدا.
٤- بەڵگەنامەی ئەستۆپاکی لە بەڕێوەبەرایەتییە تایبەتمەندەکانی باج.
٥- دانی ڕەسمی نوێکردنەوەی دیاریکراو بەپێی خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایە.
**ماددەی (٧):**
**کۆمپانیا پابەند دەبێت بە:**
**یەکەم:** دابینکردنی هەڵواسگەی ڕێکخراو بۆ چەکەکان، کۆگە بۆ کەلوپەل و تەقەمەنییەکان، گۆڕەپان بۆ ئۆتۆمبێلەکانی لە دەرەوەی ناوچەکانی نیشتەجێبوون.
**دووەم:** دروستکردنی داتابەیسێک بۆ گشت چالاکییەکانی کۆمپانیا و سەرجەم ئەو زانیارییانەی پەیوەندیدارن بە کارمەند و ئەوانەی تر کە لەلایان کاردەکەن، ئۆتۆمبێل، چەک، تەقەمەنی و کەلوپەلەکانی.
**سێیەم:** ڕێکخستنی دۆسیە بۆ سەرجەم کارمەندانی، و ئەوانەی تر کە لای کۆمپانیا کاردەکەن، کە بەجۆرێك داتای هەر یەکێکیان لەخۆ بگرێت.
**چوارەم:** هەبوونی تێنووسی بازرگانی کە بە یاسا بڕیاری لێدراوە، و بەجۆرێك کە ئەم تۆمارنامانەی خوارەوە ڕێکبخات:-
١- تۆمارنامەی چەک و کەلوپەلی دیکەی کۆمپانیا و چۆنیەتی بردنە دەرەوەی چەکەکان و بەکارهێنانیان.
٢- تۆمارنامەی جوڵە و هاتوچۆی کارمەندان و ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیا.
٣- هەر تۆمارنامەیەکی دیکە کە وەزارەت داوای بکات.
**پێنجەم:** زانیاری بداتە وەزارەت دەربارەی ئەو ئۆتۆمبێلە قەڵغانانەی (درع) کە کۆمپانیا خاوەنیانە یان بەکاریان دەهێنێت.
**شەشەم:** وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختەی وەزارەت بەر لە گرێبەستکردن لەگەڵ هەر کەس و لایەنێک، و پێدانی وێنەیەکی گرێبەستەکە بە وەزارەت لە ماوەیەک کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئەنجامدانی تێپەڕ نەکات.
**حەوتەم:** دەبێت هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم، ڕێژەیەك کە کەمترنەبێت لە (٩٠%) نەوەت لەسەدی کارمەندەکانی بۆ کۆمپانیای نیشتمانی و کەمترنەبێت لە (٧٠%) حەفتا لە سەدی کارمەندەکانی بۆ لقی کۆمپانیای بیانی، پێکبهێنن.

**هەشتەم:** دانەمەزراندنی هیچ کارمەندێک بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت.

**نۆیەم:** پابەندکردنی کارمەندەکانی بە پۆشینی جلوبەرگی تایبەت بە کۆمپانیا کە لەلایەن وەزارەت دیاری کراوە، و پێویستە ئارم یان لوگۆی کۆمپانیا و ئاڵای کوردستانی لەسەردانرابێت، و نابێت جلوبەرگی کارمەندانی کۆمپانیا لێکچوو بێت لەگەڵ جلوبەرگی هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە.

**دەیەم:** ڕادەستکردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکان لەلایەن کارمەندانەوە بە کۆگای کۆمپانیا لەدوای کۆتایی هاتنی هەر ئەرکێک.

**یازدەیەم:** ئاگادارکردنەوەی وەزارەت و فەرمانگەکانی ئاسایشی پارێزگاکان سەبارەت بە هەر تاوانێک کە لەسنوری کاری کۆمپانیا ڕوودەدات یان گومانی ڕوودانی لێدەکرێت.

**دوازدەیەم:** بەکارنەهێنانی هێز دژی هەر کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک، بێجگە لەحاڵەتی بەرگریکردنی ڕەوا، بەپێی حوکمەکانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراوی بەرکار یان هەر یاسایەکی دیکە کە جێگەی بگرێتەوە و یاساکانی دیکەی پەیوەندیدار.

**سێزدەیەم:** دڵنیاییکردن (تأمین) بەرامبەر بەو مەترسییانەی دەرئەنجامی چالاکییەکانی ڕوودەدەن، لای کۆمپانیایەکی دڵنیایی متمانەپێکراو لە هەرێم.

**چواردەیەم:** دانی ئەو ڕەسمانەی لە ئەستۆیەتی بەپێی خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایە.

**پازدەیەم:** دروستکردنی ناسنامەی کارمەندان لە وەزارەت و نوێکردنەوەی بەشێوەیەکی ساڵانە.

**شازدەیەم:** دەرکردنی ناسنامەی هەڵگرتنی چەک بۆ کارمەندان لە وەزارەت و نوێکردنەوەی بەشێوەی ساڵانە.

**حەڤدەیەم:** دەرکردنی باجی بەکارهێنانی ئوتومبێلی کۆمپانیا لە وەزارەت و نوێکردنەوەی بەشێوەی ساڵانە.

**ماددەی (٨):**

**قەدەغەیە کۆمپانیا ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:-**

**یەکەم:** هەر چالاکییەک لە دەرەوەی چوارچێوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان.

**دووەم:** بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بێجگە لەو بوارانەی ڕێگە پێدراون.

**سێیەم:** بەکارهێنانی چەک و ئوتۆمبێلەکانی کۆمپانیا لە دەرەوەی ئەو ناوچانەی بۆیان دیاریکراوە.

**چوارەم:** خاوەنداریتی یان بەکارهێنانی هەر ئوتۆمبێلێکی قەڵغان تەنها لەو بارەدا نەبێت کە بە ڕەزامەندی وەزارەت هێنرابێتە ناوەوەی هەرێم ئەگەر هاوردەکرابێت، یان لەلایەن کارگەی مۆڵەتدراو لەلایەن وەزارەتەوە لەناو هەرێم کرابێتە قەڵغان.





**پێنجەم:** دەستداریی یان عەمبارکردن یان مامەڵە پێکردنی چەکی ئاگرینی مۆڵەت پێنەدراو و چەکی جەنگی و کەرەستەی شیاو بۆ تەقینەوە یان تەقەمەنی.

**شەشەم:** هەر چالاکییەک ببێتە مایەی هەڕەشەکردن لە ئاسایش و سەقامگیری هەرێم یان یەکێتی گەل و خاکەکەی.

**حەوتەم:** دروستکردنی ڕێکخستنێکی سەربازی یان ناسەربازی.

**هەشتەم:** هەر کارێک ببێتە مایەی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەر وڵاتێکی دیکە یان لێدانی بەرژەوەندییەکانیان.

**نۆیەم:** هەر کارێک ببێتە مایەی دەستدرێژی کردنە سەر ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و نیشتەجێبووانی هەرێم.

**دەیەم:** خاوەندارێتی ئەو چەکەی قەبارەی فیشەکەکانی لە (٧،٦٢)ملم زیاتر بێت، جگە لەو دەمانچانەی قەبارەی فیشەکەکانیان لە (٩) نۆ ملم زیاتر نییە.

**یازدەیەم:** خاوەندارێتی یان بەکارهێنانی چەکی بێدەنگ.

**دوازدەیەم:** گوا ستنەوەی چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختەی وەزارەت.

**سێزدەیەم:** گواستنەوەی هەر زانیارییەک کە پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەیە.

**ماددەی (٩):**

**کارمەند پێویستە ئەم مەرجانەی تێدابێت:**

**یەکەم:** ئەگەر عێراقی بێت:

١- نیشتەجێی هەرێم بێت.

٢- تەمەنی لە (٢١) بیست و یەک ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٥٠) پەنجا ساڵ زیاتر نەبێت.

٣- توانای خوێندنەوە و نووسینی هەبێت.

٤- لە پشکنینی تەندروستی دەرچووبێت، بەپێی ڕاپۆرتی لێژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ لە وەزارەتی تەندروستی، و بەو مەرجە تەندروستییانەی کە وەزارەت دیاریاندەکات.

٥- بە سەرکەوتوویی لە خولەکانی پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنولۆجیای زانیاری لە وەزارەت دەرچووبێت.

٦- ناوبانگ چاک بێت و بە تاوانێک یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.

٧- فەرمانبەری حکومی نەبێت، چ لە ڕاژەی مەدەنی یان سەربازی، بەشێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست.

٨- دەستەبەرێکی کەسی وەک بارمتە بە بڕی (٣،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری عێراقی، پێشکەش بە وەزارەت بکات، یان ئەم بڕە پارەیە لەسەر ژمێرەی وەزارەت تۆمار بکات.





٩- ڕەزامەندی لایەنی ئەمنیی وەرگرتبێت بۆ دامەزراندنی.

١٠-دەستەبەرکراوبێت بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم.

١١-لەو خولانەی مەشق و ڕاهێنان دەربچێت کە لەلایەن وەزارەتەوە ڕێکدەخرێت و جێبەجێ دەکرێت.

**دووەم:** ئەگەر بیانی بێت:

١- ڕەزامەندی وەزارەت وەربگرێت.

٢- دەستەبەرێکی کەسی وەک بارمتە بە بڕی (٧،٠٠٠،٠٠٠) حەوت ملیۆن دیناری عێراقی پیشکەش بەوەزارەت بکات یان ئەم بڕە پارەیە لەسەر ژمێرەی وەزارەت تۆمار بکات.

٣- بەڵێنامەیەک لەلایەن بەرێوەبەری لقی کۆمپانیا پێشکەش بکرێت بۆ ئامادەکردنی کارمەند لەبەردەم دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لەکاتی داواکردنیدا، و بەرپرسیارێتی کۆمپانیا بەشێوەی پێکەوەیی (تضامن)ی دەبێت لەو کردارانەی لە هەرێم ئەنجامیان دەدات.

**ماددەی (١٠):**

**کۆمپانیا بۆی هەیە سەگی پاسەوانی بەکاربهێنێت بەم مەرجانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** جۆر و ژمارەی دیاریکراوبێت.

**دووەم:** ڕاهێنراوبێت و بەڵگەنامەی ڕاهێنانی لەگەڵدابێت.

**سێیەم:** ئەگەر هاوردەکراوبێت پێویستە پاسپۆڕت و بەڵگەنامەی خاوەندارێتی و سەرچاوەی هاوردەکردنی لەگەڵدابێت.

**چوارەم:** شوێنی تایبەت بە بەخێوکردنی بۆ ئامادەکرابێت.

**ماددەی (١١)**

لەکاتی سەرپێچیکردنی کومپانیا بۆ حوکمەکانی ماددەی (٧) و (٨)ی ئەم یاسایە، وەزیر بۆی هەیە ئەم ڕێکار و سزاییانەی خوارەوە بسەپێنێت:

**یەکەم:** ڕاگرتنی چالاکی کۆمپانیا بۆ ماوەیەکی کاتی.

**دووەم:** هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.

**سێیەم:** دەستبەسەرداگرتنی هەموو یان بەشێکی بڕە پارەی بارمتە بەپێی قەبارەی پێشێلکاریەکە ولێکەوتەکانی.

**چوارەم:** پێبژاردنێک بەبڕی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار، بەرامبەر دواکەوتنی هەر ڕۆژێک لە نوێکردنەوەوی مۆڵەت.

**پێنجەم:** پێبژاردنێک بەبڕی (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار، بەرامبەر دواکەوتنی هەر ڕۆژێک لەنوێکردنەوەی ناسنامەی کارمەندەکان و هەڵگرتنی چەک و باجی ئۆتۆمبێلەکان.





**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی مولەتی کۆمپانیا بەشێوەیەکی هەمیشەیی، یان پاکتاوکردنی کۆمپانیا لەبەر هەر هۆیەک بێت، پێویستە لەسەر کۆمپانیا گشت مولەتەکانی چەک و مولەتەکانی ڕێگەپێدان بە ئوتۆمبێل و ناسنامەکان بۆ وەزارەت بگەرێنێتەوە.

**دووەم:** لەکاتی پاکتاوکردنی ئارەزوومەندانەی کۆمپانیا، پێویستە لەسەر کۆمپانیا لەماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی پاکتاوکردنی، بە ڕەزامەندی وەزارەت سەرجەم چەک و تەقەمەنی و ئامێرە بێتەل و ئۆتۆمبێلە قەڵغانەکانی بفرۆشرێتە لایەنێکی دیکەی مولەتدراو ، و بە پێچەوانەوە، لەلایەن وەزارەتەوە بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێتە لایەنە موڵەتدراوەکان، و ئەمەش بەرێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات.

**سێیەم:** لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیا، وەک جێبەجێکردنێک بۆ حوکمی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (١١)ی ئەم یاسایە، پێویستە لەسەر کۆمپانیا سەرجەم چەک و تەقەمەنی و ئامێرە بێتەل و ئۆتۆمبێلە قەڵغانەکانی ڕادەست بکات، و دەبنە موڵکی وەزارەت، و بڕە پارەی بارمتەی سپاردەکراو لە ژمێرەی وەزارەت وەک داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی هەرێم تۆماردەکرێت.

**ماددەی (١٣):**

لەکاتی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە جگە لە حوکمی ماددەکانی (٧) و (٨)، وەزیر بۆی هەیە کۆمپانیای سەرپێچیکار بە پێبژاردنێک کە لە (٣،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠،٠٠٠،٠٠٠) بیست ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزابدات.

**ماددەی (١٤):**

ئەو ڕێکار و سزایانەی لە ماددەکانی (١١) و (١٢) و (١٣)ی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراون ڕێگرنابن لە داواکردنی قەرەبوو لە کۆمپانیای سەرپێچیکار، لە بری ئەو زیانانەی دەرئەنجامی چالاکییەکانی ڕوودەدەن بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی (١٥):**

سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا، ڕێگرنابن لە سەپاندنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا هاتبێت.

**ماددەی (١٦):**

هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی دەتوانێت تانە لەو بڕیارانەبدات کە پاڵپشت بە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچن، بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجوومەنی شورای بەرکار لە هەرێم.

**ماددەی (١٧):**

ئەو بڕە پارانەی لە پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن، وەک داهاتێک بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێن، بەمەرجێك ڕێژەی (٣٠%) سی لەسەدی بۆ وەزارەت، بە مەبەستی پەرەپێدانی پێکهاتەکانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی تەرخان بکرێت.

**ماددەی (١٨):**

پێویستە لەسەر هەر کۆمپانیایەکی ئەمنی تایبەت، کە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە دامەزراوە یان تۆمارکراوە لە ماوەیەک کە لە (٩٠) نەوەت ڕۆژ لەڕێکەوتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە تێپەڕنەکات، خۆی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە بگونجێنێت.

**ماددەی (١٩):**

پێویستە وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (٢٠):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٢١):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٢٢):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

دوای ئەوەی ڕێگەدرا بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان لە هەرێم پێشکەش بکەن، و لەبەر گرنگی و هەستیاری کاری ئەم کۆمپانیایانە و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر گیان و سەروماڵی گشتی و تایبەت لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**